# نواندنی وێنه له دیوانی( پڕم لەعیشقی تۆ ) دای فەرەیدون سامان




## هەوڵێك بۆ ناسینی شیعر


د. نەجم ئەڵوەنی

م . كۆلیژی زمان


2007/1/31



ڕاسته شیعر ، ئەو پەیڤەیه كه لەهەموو پێناسەیەك یاخی دەبێ و تائێستا نەتوانراوه لەچوار چێوەی یەك پێناسەدا بەرجەستەبكرێ ، بەلاّم دەتوانرێ بلێین شیعر دواندنه لەوێنەدا . واتا شیعر تەنیا لەوێنەدا دەتوانی گوزارشت لەهەموو بەسەرهات و دیاردەیەك بكات بێ ئەوەی خاسیەتەكانی لەدەست بداو لەو ئاراستەیه دوور بكەوێتەوە كەدەبێ لەپێناویدا بنووسرێت .

دیوانی (پڕم لەعیشقی تۆ) كه لەنووسینی فەرەیدون سامانه ، و دەزگای ئاراس (ساڵی 2006) چاپی كردووه ، بیست و هەشت هۆنراوەی بابەت جیاوازی لەخۆگرتووه . ئەو هۆنراوانه نموونەی شیعری بڕداهێنان و جوانی دەربڕینن . هەموویان پێكەوه كۆمەڵێ وێنەی جیاجیای ژیانی تایبەتی شاعیرو خەڵكی كوردستانن گوزارشت لەهەستی نووسەرو ئازارەكانی مرۆڤی كورد دەكەن . دڵەڕاوكەی مرۆڤ لەنێوان ژیان و مردندا دەخەنه ڕوو . باسی خۆشەویستی و غوربەت و نامۆیی و جینۆسایدو ئازادی و ئاواتەكانی خەڵكی ئەم سەردەمه دەكەن . لەبەر ئەوە خوێنەر لەئاستیان هەست بەدابڕان ناكاو دڵنیادەبێ كەئەو شیعرانه بەشێوەیەكی هونەری سەركەوتوو ئەم و ڕووداوەكان پێكەوه دەبەستێ و بەناو گەشتێكی ڕۆحی پڕسیحردا بەرەو جیهانی داهێنانیان دەبات .

لەم كۆمەڵه هۆنراوەدا ، شاعیر له بێزاری و تەنیایی و مردن و دووبارەبوونەوەی ریتمه هاوشێوەكانی ژیان یاخی دەبێ و هەندێ جاریش وەكو كەسێكی خاوەن پەیام باسی مێژووی كۆن و ئایین و ئەفسانه و خۆراگری مرۆڤی كورد دەكات . هەروەها لەمێژووی ئێستادا ئاماژەی بەشەڕی ناوخۆیی كردووه و ئەوشەڕەی لەجوانترین وێنەدا ریسواكردووه و بەمەش هەڵوێستێكی مێردانەی تۆماركردووه .

شاعیر بڕوای بەوەیه كه ئازارەكانی كورد پەیوەندی بەسەرجەم ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی و ئازارەكانی هەموو مرۆڤێكەوه هەیه ، بۆیه ڕەخنەی توند لەم سەردەمه دەگرێ و ئەوەپێشان دەدات كەچۆن سەردەمی ئەلیكترۆن ، سەردەمی مردنی هەسته جوانەكانی مرۆڤ و مردنی بەهاكانەو لەسایەی ئەودا خەڵكی كوردستانیش قڕ دەكرێن بێ ئەوەی كەس

دەنگی نارەزایی دەرببڕێ و پشتیوانی ئەم گەلەبێ پەناوپشتە بکات ، بەتایبەتی لەکاتی ئەنفال دا ، باس کردنی ئەو جۆرە بابەتانە لەوانەیە شیعر بخاتە ژێر کاریگەری ئایدیاوەو وای پێ بکات خولیای دەربڕینی چەمکەکانی زاڵ بێ بەسەر تواناکانی دروست کردنی وێنەدا ، کەچی دەبینین فەرەیدون سامان بەپێچەوانەوە رەفتاری کردووە ، رێی نەداوە وێنە بکاتە قوربانی دەربڕینی واتا ، لەهەمان کاتیش دا سەرکەوتووانە هەوڵی داوە باسی ئەو بابەتانە لە کۆمەڵێ وێنەی جوان و نوێدا بخاتە بەرچاو . بەمەش لەوشەی سواو و دووبارەکردنەوەی وێنەی مردوو خۆی رزگار کردووە بێ ئەوەی شیعرەکان ئاڵۆزبکاو بەهۆی تەم و مژی هێماکانەوە تام و چێژی ئەو شیعرانە لەبار بەرێ، ئەم شیعرانە ئەوەندە زیندوو کاریگەرن خوێنەر ناتوانێ بەئاسانی لەبیریان بکات، یاخود بەهۆی دەربڕینە ئاڵۆزەکانەوە دەستیان لێ هەڵبگرێ. شاعیر وەکو کەسێکی نوێخواز سەودای لەگەڵ وێنەدا کردووە ، لەبەر ئەوە سەرجەم وێنەکانی سەرنج راکێش و دەگمەنن . وشەکانی چڕو واتادارو کاریگەرن . مۆسیقایەکی سیحری لە شیعرەکاندا بەکارهاتووە لەبەر ئەوە زۆر لە دەربڕینی ئەفسانە نزیك دەبێتەوە بێ ئەوەی تەوزیف کردنی ئەفسانەکان چەشنی دەقێکی وەرگرتوو خۆیان لەدەقی شیعرەکاندا زەق بکەنەوە و ریتمێکی کۆنی پێ ببەخشن .

نوێخوازی لەم شیعرانەدا ، بەومانایە نەهاتووە کە شاعیر پشتی لە کەلەپور کردبێ ، بەڵکو سوود وەرگرتنی لەو سامانە تامێکی خۆماڵی رەسەن و کەشێکی تازەی خەیاڵی بە دەقەکان داوە ، هەروەها شاعیر بەوەندە نەوەستاوە باسی شیرین و فەرهاد یان هاو جۆری ئەوداستانە شیعرییانە بکات و تەنیا وەکو ئاماژەیەك ناوی قارەمان و باسی رووداوەکانی کردبن ، بەڵکو شێوەی ئاماژەکردنەکانیشی لەوێنەو دەربڕینی نوێدا نواندووە . لەباسی جەنگ و مردن دا ، شاعیر بەداوی وێنە دەکەوێ بۆ ئەوەی لەچەمکەکان بدوێ :

**من لەبەرەکانی جەنگیشدا نیم**
**رۆژانە سات بە ساتی ژینی پڕئازارم دەکوژرێم**
**بۆمەرگێکی دیکە زیندوو دەبمەوە**
**لەنێو کوانووی گڕیشدا نیم دەسوتێم**
**دەبمە تۆ پەڵێك خۆڵەمێش**
**بۆ شەوانێکی دیکە دادەبیسێمەوە**
**بە پەتی سێدارەش هەڵنەواسراوم دەخنکێم**
**زیندە بەچاڵ دەبم**
**وێنەی تەرمێکی بێ سەروشوێن ( ل 28 )**

شاعیر لەباسکردنی خەمەکانی ناونیشتیماندا دەست لەوشەی سیاسەت و فەرهەنگی سیاسی یەکان هەڵدەگرێ و دەڵێ :

**نیشتمانیش**
**دەمامکێکە**
**بەدووکەڵی رەشی جلکن خۆی پۆشیوە( ل29 )**

شاعیر لەڕوانگەی ئەوەی کە سەرەتاو کۆتایی مرۆڤەکان یەکە ، بۆیە  بڕوای بەجیاوازی نێوان چارەنووسی کەسەکان لەسەر بنەمای جیاوازی فیکرو بڕوا نییەو ئەو بۆچوونە بەئەفسانە دەزانێ :

**لەنێو هەزاران شە پۆلی ڕەنگدا**

**ناکۆکیمان تەبایيە**

**کە سەرەتامان**

**کۆتایی بێ ،**

**کۆتاییەکانیش**

**سەرەتا**

**ئاخر ئەفسانەی چ ئاینێکە**

**بەهەشت بۆتۆ**

**دۆزەخ بۆ من ( ل 30 )**

لەزەلکاوی سەردەمی ئەلکترۆن دا ، کاتێ ستەم ، تەنگ بە ژیانی مرۆڤ هەڵدەچنێ و ئازار و کۆیلایەتی دەبێتە عینوانی ژیان ، شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ وێنە کۆنەکانی ناو زەینی ، ئەوانەی کە پەیوەندییان بەژیانی منداڵی ئەمەوە هەیە بۆ ئەوەی بەتوندی ڕەخنە لەو زلکاوە بگرێ و دەڵێ :

**م ن ی ش**

**لەنێو ئەم زەلکاوە بێ ئامانە**

**لانکی شەو**

**بێداری منداڵیم رادەژەنێ ( ل 43 )**

کاتێ شاعیر دەیەوێ بە وێنەیەکی جوان و پڕواتا باسی باری دەروونی و سەختی چاوەڕوانی بکات ، لەڕێی خواستنەو خۆی بە (فەرهاد) دەچوێنێ بێ ئەوەی وێنەی عەشقی فەرهاد و شیرین بەشێوەیەکی تەقلیدی دووبارە بکاتەوە ، بەڵکو ئەم وەکو شاعیرێکی نوێخواز مەودایەکی دەروونی بەوێنەکە دەبەخشێ و
دەڵێ :

**ئەی بەرد بدوێ**

**کێ بەقەد من هانای بۆ هێناوی**

**مەگەر تەنێ فەرهادی بیستوون**

**کێوی چاوەڕوانی  بکێڵێ ( 52 )**

پاشان بە وێنەیەکی دیکە باسی دڵڕەقی دڵدارەکەی دەکاو پێی دەڵێ :

**ئاخر من دڵی تاشە بەردیشم خوێندەوە**

**نەرمتربوو لەدڵە بەردینەکەی .**

**بەرد لە حەژمەت ئازاری من جووڵایەوە**

**شەقی برد**

**کەوتەگریان**

**کەچی بووکە شووشە بێ گیان بوو**

**نەهاتە دوان ( ل 52 – 53 )**

بەوێنەیەکی جوانی پڕ لەداهێنان شاعیر باسی نامۆبوونی خۆی دەکات لە کەسانی دەوروبەری . وێنەکانی ئەم دیاردەیە لە وێنەکانی نامۆبوونی باران و هەور ، شەپۆلَ و رووبار ، تیشك و سووتان ، جادە و شۆستە ، لووتکەو هەڵدێر ، درەخت و سەمای مەرگی گولآن دا بەرجەستەدەکات و دەڵێ :

**نامۆم .... لەبوونی خۆم**

**لەنەبوونی ئێوە ،**

**خوڕەی باران لەهەورەکان**

**شە پۆل لە شێنەیی رەوتی رووبار**

**تیشك لەسووتانی خۆی**

**ماندوویەتی جادە لەخەوتنی سەر شۆستەکان**

**یاخیی لووتکە لەهەڵدێری کێو**

**درەخت لە سەمای مەرگی گەلآکان ( ل62 )**

مردن و ژیان دوو جەمسەری دژ یەك ، بوونەتە مایەی ترس و دڵەراوکەی شاعیر و بەم شێوەیە نائارامی خۆی لە نێوان ئەو هاوکێشە سەختە دژوارەدا دەردەبڕێ و دەڵێ :

**ئای چەند سەختە**

**لەنێوان دیوارو تراویلکەدا**

**هەنگاو دەنێین**

**لەنێوان بێشکەو کێل**

**ڤیژەیەکی یاخین**

**بێ هەناسە چاولێك دەنێنن ( ل 72 )**

لەم کۆپلەدا ، دیوارو تراویلکە ، هەنگاو ، بێشکەو کێل ، ڤیژە ) بوونە بە توخمە سەرەکی یەکانی دروست بوونی وێنەی ئەو دڵە ڕاوکەیە کە شاعیر بەتوندی هەستی پێ دەکات . هەروەها ئەو توخمانە سەرجەم بازنەکانی رێرەوی ژیان و نەمانی ئەو پێك دەهێنن و لێرەدا بوونە بەهۆکارێکی گرنگ بۆ بەهێز بوونی وێنەی ململانێی نێوان مان و نەمان .

لە هۆنراوەی (بێوار) , ل 78 ، فشاری گرفتەکانی ژین و نەبوونی دەروازەیەك بۆ رزگاربوون لەو کێشانەی کە ئابلوقەی رۆحی شاعیر دەدەن ، ناخی ئاڵۆز دەکەن و هەست دەکات هۆشی دەروخێ و هەستەکانی دیکەی دەژاکێن و کز دەبن و تەنانەت توانای بیستنی نامێنێ . ئەم حاڵەتەش لەرێی کۆمەڵە وشەو رستەیەکی کورت و چڕو واتادارەوە خراوتە ناو وێنەیەکی هەستی یەوە کەخوێنەر تووشی رامان دەکاو پاڵ بەفیکری ئەوەوە دەنێ بەوردی بەدوای پەیوەندی نێوان ئەو وشەو رستانە بکەوێ بۆ ئەوەی لەمەبەستی شاعیری بگات :

**شەو ، سەگێکی لاڵە**

**هۆش ، دیوارێکی تە پیو**

**هەست ، پولەکی چرایەکی کز**

**بیستنم ، سەدای ڕمانی تاشە بەردی کەڕی سەر ڕێگاکانە** ، ( ل 78 )

لێرەدا حاڵەتە دەروونییەکە بەهۆی وێنەوە خراوەتە بەرچاو . شاعیر وازی لەزمانی شیعر نەهێناوە لەبەر ئەوە واتاکان ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاون ، بەڵکو واتا لەرێی وێنەوە تەعبیر لەخۆی دەکات، ئەم وێنەیەش زۆر نوێیە ولەهیچ شیعرێکی تەقلیدیدا شاعیر ناتوانێ لەرێی دروستکردنی پەیوەندی هاوشوێنی لەم جۆرە خۆی لەدەربرینی واتا نزیك بکاتەوە. واتا پەیوەندی هاوجێی نێوان وشەکان بووەتە بناغەیەکی گرنگ بۆئەوەی ئەم شاعیرە سەرکەوتووبێ لەپێشکەش کردنی وێنەکەدا، چونکە هەڵوەشانەوەی ئەو پەیوەندیە نەك تەنیا وێنەکە دەکوژێ، بەڵکو واتای رستەکانیش هەڵدەوەشێنێتەوە وبەرەو ئاقارێکی واتایی دیکەیان دەبات کەهەمان واتای ئێستایان نابێ.

ناخۆشی ژیان وئەو کارەساتانەی روو بەرووی مرۆڤ دەبنەوە گەلێ جار دەبنە مایەی ئەوەی کە ئەم مرۆڤە بڕوای بەخۆشەویستی نەمێنێ، و هەست بەوە بکات لەسەردەمێکدا دەژی کە خۆشەویستی لەناو دەچێ و رۆحی مرۆڤەکان تووشی هەرەس دەبێ، ئەم حاڵەتەش بەشێوەیەکی تایبەتی لەهۆنراوەی پرسیار (؟) رەنگی داوەتەوە.

شاعیر لەوەوپێش بڕوای بەسیحری خۆشەویستی هەبووە. بەڵام کەبۆی دەرکەوتووە لەم سەردەمە عەشق بووە بەسیحرێکی بەتاڵ و مایەی شکانی شووشەی رۆح وئەفسانەیەکی بێ کۆتایی، ئەو کاتە لەبوون یاخی بووە و هەستی بەنامۆیی کردووە و تەرمی عیشقی لەکۆڵ ناوە وبەناو جەنگەڵێ ریایی دا تێپەریوە تا لەناوتەنیاییدا نوقم بووە:

**ئەوە منم**......

**لەنێو سیحری عیشقێکی بەتاڵ بوودا**

**شوشەی رۆحم شکاوە!**

**بوومەتە حەکایەتی**

**ئەفسانە بێ کۆتاییەکان**

**هەزاران لێو دەمگێڕنەوە**

**هەزاران چاو دەمبینن**

**بەنامۆیی لەنێوان تارمایی دوو دەستی رەش**

**تەرمێکی زیندوو لەکۆڵ دەگرم**

**بەنێو جەنگەڵی ریایی زەمانە تی دە پەرم**

**شەلاڵی خوێن**

**لانەی هەڵپرووکاوی جەستە شەکەتەکەم رادەماڵێ**

**لەنێو تەنێیمیدا غەرق دەبم** ..( ل 81 )

ئەگەر تەماشای ئەم کۆپلە شیعرە بکەین دەبینین هەمووی پێکەوە وێنەی مردنی عیشق وشکانی رۆح و وێرانبوونی جەستە پیشان دەدات، هیچ رستەیەکی تێدا نییە کە ڕاستەوخۆبێ، کەچی واتاکان ئەوەن ناسکن بوونە بەمایەی رازانەوەی تابلۆیەك کە زۆر بەجوانی یاخی بوونی شاعیر لەتراژیدیای مەرگی عیشق دا پیشان دەدەن. لەلایەکی دیکەوە رستەیەکمان

بەرچاو ناکەوێ کەواتایەکی پێچەوانەی مەبەستی شاعیر دەردەبڕی. واتا نووسەر بەئاگاییەوە ڕەنگی تابلۆکەی سازداوەو ڕێی نەداوە بێ ئاگایی هەستی خەفڵەتی لا دروست بکەن.

بەتاڵ بوونی سیحری عیشق ڕێی خۆش کردووە بۆشکانی شوشەی ڕۆح و دروستبوونی نامۆیی و وێران بوونی جەستە، بەواتایەکی دیکە، سەرەتا بەرەو کۆتایی دەچێ وهۆکارەکان یەکتر دەنوێنن و واتای یەکەم بووەتە هۆی دامەزراندنی وێنەیەك کە شاعیر هەوڵی داوە لەرێی ئەم تابلۆوە بیخاتە  روو، بەم شێوەیە سەرجەم وێنەکان بەشداریان کردووە لەئەنجامدانی ئەم پرۆسە هونەرییە.

گرنگترین کاری شاعیر ئەوەیە واقیع بەرەو خەیاڵ بەرێ و کۆمەڵێ سیفەتی پێبدات کەلەگەڵ وەزیفەی شیعردا بگونجێت. فەرەیدوون سامانی شاعیریش ئەوەی لەبەرچاوگرتووە ولەهۆنراوەی "دوورگەی وەهم"دا (ل 84) بەجۆرێ باسی مانگ وهەتاو دەکات  کەتەنیا لای ئەم وێنەکانی دەبینرێت ولەشیعری نوێی کوردیدا نموونەی ئەم جۆرە وێنانە بەرچاو ناکەون.

مانگ تەلاری شوشەیی هەیەو بەردباران دەکرێ وپرسەی مەرگ بەوالآکردنی بەرگی تریفە دەگێڕێ وباسی نهێنێ ئاوابوونی خۆی دەکات. هەتاویش لەپرسەی شەوکاندا تیشەکەکانی خۆی دەڕنێ.

ئەم وێنە تراژیدیە تەعبیر لەسروشت ناکات، بەقەدەر ئەوەی واتا خەماوییەکانی ژیانی مرۆڤ دەخاتەروو. شاعیر هەوڵی داوە سوود لەواتاکانی ئاوابوونی مانگ وهەتاو وەربگرێ بۆ ئەوەی تراژیدیای ژیانی مرۆڤ بخاتە چوارچێوەی وێنەیەکی شیعرییەوە، کەئێمە لەوە پێش بیرمان لێ نەکردۆتەوە ونەمان زانیووە کەدەکرێ بەم چەشنەش گوزارشت لەئازارەکانی ژیان بکرێ.شاعیر دەڵێ:

**مانگ لەنێو تەلاری شووشەیی خۆی بەرد باران دەکرێ**

**لە پرسەی سەرەمەرگدا**

**بەرگی تریفەیی والآ دەکا**

**لەنهێنی ئاوابوونی خۆی دەدوێ**

**لەوێ خۆرەتاو بێ هەودا**

**خوێنی لێ دەچۆڕێ**

**ئەویش لە پرسەی شەوەکانیدا**

**تیشکەکانی دەڕنێتەوە .**

دیارە هەر شاعیرو نووسەرێك لەکاتی داهێناندا چەند وێستگەیەك لە ژیانی خۆی دەخاتە ناو بەرهەمەکەیەوە . فەرەیدون سامانی شاعیریس لەهەندێ شوێنی ناو ئەم دیوانە باسی رۆژانێك دەکات کە لەزیندانەکانی رژێمی رووخاوی بەعسدا تاڵاوی ئەشکەنجەو برسێتی و تەنیایی چەشتووە . بۆنموونە دەڵێ :

**لەنێو چیمەنی وشکەڵانی ڕەنج بەخەساری**

**ئەو رۆژانەی کەشەوانی شەکەتی تاریکیم بوو**

**تەنێ باڵای دیوار**

**چاوی دیوار**

**گوێچکەی دیوار**

**بەشی ژەمێك یان دوو ژەم**

**قا پێك شلەی ساردو لەبن دەرگا بەجێماو**

**لەوکونجەوەش بەد بەختانە**

**بەسیمای تاڵی ئەو رۆژگارە خەنیمەوە**

**بەخیانەتی گوڵ ، لەگەڵاکانی**

**پە پولە لە رۆشنایی چرا**

**ئاو لەماسی** ( **ل** 95-96 )

ئەم شیعرە ئەگەر چی باسی بەرەنگاری و خۆ نەدۆڕان و کۆمەڵێ مەینەتی نێو زیندان دەکات و گاڵتە بەخیانەت دەکات ، بەڵام دیسان نەبووەتە ڕێ خۆشکەرێ بۆ ئەوەی گوتاری ئایدیۆلۆجیا زاڵ بێ بەسەر گوتاری شیعردا . بەپێچەوانەوە ئەو وشانەی لێرەدا بەکار هاتوون سەرەڕای ئەوەی کە زۆر ئاسایی و سادەن ، بەڵام توانیویانە کەش و هەوای بەندیخانە بەخوێنەر بناسێنن و وێنەیەکی شیعری تازە بخوڵقێنن کە زۆر جیاوازە لەو وێنانەی جاران وشەی گوڵ و پەپولە و ماسی ، لەشیعری کۆن و نوێی کوردی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا بەرچاومان دەکەوتن .

هۆنراوی (بیابانیەکان) ، کە تایبەتە بەکارەساتی ئەنفال ، یەکێکە لەو شیعرە دانسقانەی کەلەم دیوانەدا بەرچاومان دەکەوێ ، ئەم شیعرە بەهەناسەیەکی مەلحەمی نووسراوە ، بریتییە لە دیالۆگێکی درێژ لەنێوان شاعیرو (زەرەی لم) کەهێمای کچە کوردێکی ئەنفالکراوە ، لەم شیعرەدا ، دار ، بەرد ، گوڵ ، پەپوولە ، ئاو ، درەخت ، چۆلەکە ، پەرەسێلکە ، رەشماڵ ، کۆچەری ، شەپۆل ، گەرمیان ، کوێستان ، مێژوو ، ئەفسانە ، چیا ، بیابان ، گەردەلوول ، ......هتد , هەمووی پێکەوە فەرهەنگی تراژیدیای چۆنیەتی فڕکردنی خەڵکی کوردستان پێك دەهێنن .

شاعیر لەرێی کۆمەڵێ وێنەی دەگمەنەوە ، باسی ئەوکارەساتە دەکات ، سەرەڕای ئەوەش جوانی شیعری لەبیر نەکردووە ، بەڵکو ئاوازێکی پڕغەمی لەگریان و دەنگی باو شەپۆلی رووبارو هەناسەی لم و نزای شمشێر و سەمای مەرگ و شێوەنی چاڵی مەرگ و وێنەی یادگاری بەجێماو درووست کردووە .

تابلۆی ئەو داستانە ، هێزێکی ئەفسوناوی تێدایە ، کە لە راستگۆیی و بڕوای نەگۆڕی شاعیر بە عەدالەتی مافی ژیان بۆ میللەتێکی ستەم لێکراو سەرچاوەی گرتووە .

شاعیر بەرۆح هەستی بەئازارەکانی ئەوخەڵکە بێتاوانەکردووە کە بەنارەوا قەتڵ و عام کراون ، لەبەر ئەوە هۆنراوەکە وەکو شەپۆلی رووبار دەڕوات وێنە لە دوای وێنە دروست دەکات بێ ئەوەی توانای شاعیر خامۆش ببێ و لە ناوەراستی شیعرەکەدا هەناسەی ماندوو بوونی پێوە دیار بێت .

ئەم هۆنراوەیە شایانی ئەوەیە بەتەنیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و هەوڵ بدرێ بخرێتە سەر زمانەکانی جیهان و بلاوبکرێتەوە ، بۆئەوەی هەموو دونیا هەست بە گەورەیی کارەساتی ئەنفالی کوردان بکەن . لەم شیعرەدا ( زەری لم ) هێمایە بۆ بڵندی چیا و ئاوازی خۆشەویستی و بێگەردی رووبارو بەرزی کەرامەتی ئافرەتی کورد ، کەچی لەبازارەکانی عوکاز دەکرێتە کەنیزەو لەسەر سنگی دڕك سەمای پێ دەکرێ . شاعیر دەڵێ :

**زەری لم**

**تۆ جاران کچی کوێستان بووی**

**بەڵام ئێستا کەنیزەیەکی بیابانی**

**لەسەر سنگی دڕکنی**

**بازارەکانی عوکازدا**

**سەمای مەرگ دەکەی**

**کەناڵەت بەگوێی چیاکاندا دەچرپێنێ**

**ئەو چۆم و رووبارانە دێنە جۆش و خرۆش**

**کە گورگی بۆر ئاگر دەگرێ داوێنی**

**خیوەت دەبێ بەکاشانە**

**لەسەر تەرمی دڵدارەبەچاڵ کراوەکەت**

**زەماوەندی مەرگ ساز دەکەی ( ل 132-133 )**

لە شوێنێکی تری هەمان ئەم هۆنراوەیە ، پرسیارێکی سەرسام لە (زاری لم) دەکاو دەڵێ :

**بەمن ناڵێی**

**کام چۆم**

**کام رووبار**

**تۆی گەیاندە ئەم وشکەڵانە**

**تالەوخاکە عەرعەرییە**

**لەحەسرت ئەوینی کوڕە چاو مامزەکانی کوێستان**

**سەر هەڵبگری ،**

**گوڵەگەنم ئاسا**

**مەمکەکانت پڕ شیر بکەی**

**بۆ شکانی تێنوویەتی فەرەقەتێی بەجێماوی**

**نێو خەرمانەی دەرك و داڵ**

**بەمن ناڵێی**

**تۆ بەم شەوە درەنگە تابەرەبەیان**

**قژی کام داستانی لێکدابران دەهۆنیەوە ( ل 130- 131 )**

لە کۆتایی ئەم هۆنراوەدا ، شاعیر دەڕوا گۆی زەوی بەرشەق دەداو دەیەوێ لەخەونی ئەو ئەفسانەیە بەئاگای بێنێ کە گوایە زەوی لەسەر پشتی ماسی و قۆچی گایە ، ئەمەش گەورەترین یاخی بوونە لەو یاسایانەی رێ دەدەن بەم جۆرە دڕندایەتی لەگەڵ مرۆڤی کورددا بکرێ .

لەکۆتایی دا دەڵێم بەڕاستی ( فەرەیدون سامان) پڕە لە عیشقی مرۆڤ و خاك و شیعر ، ئەم دیوانەش خەڵاتێکی گەورەیە بۆ کاروانی شکۆمەندی وشەی پیرۆزی کوردی .